# کورد و هێرشەکانی سوپا- حکومەتی تورکیا

هەژار خۆشناو – ئیتالیا
hajarkhoshnaw@hotmail.com

دەنگی خەڵک و نووسەران:
دواجار ئەمەریکا و ئەوروپا ڕەزامەندیان دەربڕی لەسەر هێرشکردنە سەر بە ناو "پەکەکە" و لەگەڵ ئەوەشدا وەک تا ئێستا دیارە سنووردارن بەوەی کە تەنیا لە ڕێگەی ئاسمانەوەیە. ئەم هێرشانە بوونەتە هۆی لێکەوتنەوەی قوربانی و بریندار بوونی هاوڵاتیان و کوژتنی ئاژەڵان و تێکدان و وێرانکردنی ماڵان و چەند گوندێک. کە لەسەر ئاستی کوردستان دوو کاردانەوەی لێکەوتەوە یەکەمینیان ئەوەی خەڵک و دەربڕینی ناڕەزایی و سۆز و خەم و پەژارە و ئیدانە کردنی ئەم کارانەی تورکیا. دووەمیشیان نووسەرانی سیاسی، هەوڵمان داوە لێکدانەوە و بۆچوونیان بزانین چیە، ئەوەی بەدیمان کرد تا ئێستا هیچ لایەنێک لە دیدی خۆیەوە ئەلتەرنەتیف و ڕێگایەکی نیشانی نە پەکەکە داوە نە حکومەتی هەرێمی کوردستان. دووبارە وەک خەڵکیتر بریتیە لە هاوسۆزی بۆ خەڵک و پەکەکە و ئیدانەکردنی هێرشەکانی تورکیا. بۆیە لێرە دەمانەوێ ئەلتەرنەتیڤێکی سیاسی بخەینە بەردەم پەکەکە و ڕزگاربوونی لەو قەیرانەی تووشی هاتووە و حکومەتی هەرێمیشی تێوەگلاوە.

کورد و تورکیا لە هاوکێشەکاندا:
تورکیا ئەو وڵاتە گەورەیەی لە ڕووی جیۆپۆلیتیک خاوەن ستراتیژیەتێکی تاک و تایبەتی خۆیەتی. دەروازەی ئەوروپایە و زۆر لایەنی بەیاخداری ئابوری هەیە، گرنگترینیان بوونی ئاوێکی زۆری خاوێن و شیرینە، کە لە دوارۆژ جێگای نەوتی ئەمڕۆ دەگرێتەوە. سەربەخۆ کردنی بەشێکی باشی ئەوروپا لە ڕووسیا، ئەویش لە ڕێگەی گواستنەوەی غاز لە وڵاتانی پێشووتری یەکێتی سۆڤیەت وەک کازاکستان بە خاکەکەیدا و ڕاستەوخۆ بۆ وڵاتانی ئەوروپا. کڕینی چەک و فڕۆکەی سەربازی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، تورکیا نۆیەمین وڵاتی جیهانە لە کڕینی ئامرازی سەربازی، تەنیا لە ساڵی 2002 بای نزیکەی 3 ملیارد دۆلار چەک و تفاقی لە ڕۆژئاوا کڕیوە و تەنیا لە ئەمەریکا بای 1،2 ملیارد دۆلاری کڕیوە. لە ڕووی سەربازیەوە دووەم وڵاتی هاوپەیمانی ناتۆیە و هێزەکانی لە ئەفگانستان و لوبنان لە ژێر بریاری یوئێن بەشدارن و لە چەندین بازگەی سەربازی ڕۆژئاوا سەربازەکانی مەشق و ڕاهێنان دەکەن و وڵاتەکەشی میوانی سەربازی چەندین وڵاتی ڕۆژئاوا و ئیسرائیل دەکات. وڵاتێکی موسلمان و دیموکراتە، خەریکە دەبێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا. جگە لەمانە نزیکەی 40 ساڵ قەڵغانی ڕۆژئاوا بووە بەرامبەر بە یەکێتی سۆڤیەت و لە هاوکێشە نێودەوڵەتیەکان ئەو بایەخەی دەکرێ بڵێین کەمتر نەبۆتەوە لە نێوان جەمسەری تیرۆریزم و دیموکراسیەتی ئەم قۆناغە دا. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ئەگەر ڕۆڵی لە سعودیە زیاتر نەبێ کەمتر نیە. لە ئاست هاوکێشە نێودەوڵەتیەکان کورد هەربوونی نیە و تەنیا کۆدێکە یاخود کارتێکە زۆر جار لە کاتی هەست و سۆزداری بەکاردێت. نزیک ترین نموونەش ئەمەریکا و ئەوروپا ڕازامەندیان دەربڕیوە بۆ هێرش کردنە سەر خاکی هەرێمی کوردستان بۆ لێدانی پەکەکە بە بێ قسە کردن لەگەڵ کوردی عێراق، ناڵێم ئاگادارکردنەوە. وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لە ساڵانی حەفتا ئەو کات وەک دکتۆر هاوخەمی کوردبووە و سەردانی کوردستانی کردوە بەڵام ئەمڕۆ وەک کەسایەتیەکی سیاسی لێهاتوو کە ئەگەر چی دوو کاتی زۆر جیان بەڵام هیچ لێدوانێکی نەدا. ئەو هەڵوێستەش دەبێ بەلامانەوە زۆر ئاسایی بێ چونکە ئەمە پێی دەڵێن "ڕیال پۆلیتک". لە سەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کورد

بەکاردێ بۆ ناچار کردنی تورکیا، ئێران، سوریا، جیهانی عەرەبی. لەسەر ئاستی عێراقیش کورد ناوچەکەی ئارامە، نەوتی هەیە، کارتێکە بەرامبەر بە شیعە و سوننە بەکاردێ، دەکرێ دوارۆژ لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پۆستێکی باش وەرگرێ ئەگەر بێت و ئەمەریکا بازگەیەکی خۆی لە کوردستان دابمەزرێنێ. لێرە دا تۆ وەک کەسێکی سیاسی پەیوەندیت بە کام لایەنەوە دەکەیت؟ جا ئەگەر وڵاتێک بیت بێگومان لە ئاست خۆت پەیوەندی دەکەیت.

پەکەکە و خەباتی چەکداری:

گومانمان لە خەبات و ئامانجی پەکەکە نیە کە مەسەلەکەش نە پارتێکە و نە ئایدۆلۆژیا، بەڵکو دۆزی گەلی کوردە لە باکوری کوردستان و چەوسانەوە و لەنێو بردنیەتی. بەڵام لە ڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆ، دوای زیاتر لە 20 ساڵ و کۆمەڵێک گۆڕانی گەورە لە وەستانی شەڕی سارد، هەڵگیرسانی جەنگی تیرۆریزم، ڕووخانی ڕژێمی بەعس، دروست بوونی هەرێمی فیدراڵی کوردستان و هتد ڕوویداوە. دەکرێ پێداهاتنەوەیەکی سیاسی-سەردەمیانە بە شێوازی خەباتی پەکەکە بکەین و ئەلتەرنەتیڤێکی تر بدۆزینەوە. کە ببێتە مایەی نەڕژانی خوێنی تر، نەدانی کارتێک بەدەست تورکیا بۆ لێدانی هەرێمی کوردستانی باشور و تۆقاندنی، هاتنە دەرەوە لە لیستی تیرۆریزمی ئەمەریکا و ئەوروپا. ئەمەش چۆن دەکرێ؟

لەو ڕۆژەی کە پەکەکە دەستی کرد بە خەباتی چەکداری تا ئێستا بە سەدان هەزار قوربانی و کوژرانی لە هەردوولا لێکەوتۆتەوە و بۆتە هۆیەک بۆ زیاتر لەناو بردنی مرۆڤی کورد و وێرانکردنی ماڵ و گوندەکانیان. لە هەمان کاتیش کڕینی چەک و پێداویستی شەڕ، پەکەکە لە ڕووسیا و چەند لایەنێکی تر، تورکیاش لە ئەمەریکاو ئەوروپا. شتێکی شاراوە نیە لە پشت هەموو شەڕێکەوە گەورەترین بازرگانی لەدواوەیە و هیچ کەسێکی مرۆڤخوازیش ناتوانێ کار بۆ کۆتایی پێهێنانی بکات. دەبێ بزانین مانگێک پێش لێدانی لوبنان فڕۆکەکانی ئیسرائیل لە دورگەی سەردینیای ئیتالیا موشەکەکانیان تاقی دەکردەوە. لە کاتی لێدانیش ئیسرائیل زۆرترین چەکی بەکارهێنا و لوبنانی وێرانکرد، بەڵام ئەوروپا و بە تایبەتی ئیتالیا حزبوڵایان لە لەناوچوون ڕزگار کرد. بوش لەبەر ئەوەی شەڕی عێراقی کرد و پارەیەکی خەیاڵی تیایدا خەرج کرد، لە هەڵبژاردنەوەی دووەم جاریدا، ئەوانەی خەرجی کەمپانیای بوشیان گرتبووە ئەستۆ زۆربەیان بازرگانەکانی چەک و پێداویستی سەربازی بوون. بۆیە ئێمە دەبێ بزانین کە ئەو هاوکێشانە وەک سەعات کاردەکەن و هیچ گیروگرفت و زەحمەتێکیان بۆ وڵاتانی زلهێز نیە، ئەوانیش هەرگیز ئامادەنین کۆتایی بەشەڕ بێت و کەس نەبێ چەکەکانیان بکڕێ و تاقی بکاتەوە. بەدڵنیاییەوە ناهێڵن هیچ گروپێک لە ناو بچێ لە حزبوڵا بگرە تا حەماس و پەکەکە، هەرچەندە ئامانج و داوای جیاوازیان هەیە، بەڵام بۆ وڵاتە زلهێزەکان لە هاوکێشەکاندا یەک بەهایان هەیە. بۆیە ئێمە نابێ هەرگیزا و هەرگیز چاوەڕێی پشتیوانی ڕاستەقینە لەم وڵاتانە بکەین، بەڵکو تەنیا بە یەکگرتن و یەکبوونی کورد دەکرێ. ئەگەر بێت و شێوازی خەباتی پەکەکە هیچ ئامانجێکی ئەوتۆ نەپێکێ و تەنیا وەک کارتێک بەکاربێت بۆ بەرژەوەندی وڵاتان. دوای داخستنی زۆر دەرگا، بگرە هەرێمی کوردستانیش بە ناچاری، پێویستە دەست لە خەباتی چەکداری هەڵگرێ و خەباتی سیاسی بکات بە بێ مەرج چونکە سوپای تورکیا و وڵاتانی زلهێز دژی فڕێدانی چەکی پەکەکەن. فڕێدانی چەک بە مانای ئەوە نیە کە خەباتەکەیان بە تاڵ بووە یان لە ئامانجەکانیان کەمکردۆتەوە بەڵکو تەنیا گۆڕانی خەباتەکەیە و بەس.

ئەلتەرنەتیڤی چەکداری چیە؟

سەرۆک ئۆجەلان بۆیە هاتە ئەوروپا لەوە گەیشتبوو کەوا دۆزی کورد و کێشەکەی لە ئەوروپا سەری هەڵدا و هەر لە ئەوروپاش چارەسەر دەکرێ. بەڵام کە ڕۆژئاوا بە پڕۆژەکەی ئۆجەلانیان زانی زوو گرتیان و ڕاپێچی تورکیایان کرد. ئۆجەلان دەیویست دەست لە خەباتی چەکداری هەڵگرێ و گەورەترین ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و لۆبی لە لە ڕۆژئاوا دروست بکات و هەستی خەڵک بجولێنێ تا پاڵەپەستۆ و کاریگەری بخەنە

سەر حکومەتەکانیان بۆ بە دەنگەوە هاتن و چارەسەر کردنی ئاشتیانە و مرۆڤانەی کێشەی کورد. لێرەدا پێویستە دووبارە پەکەکە پرۆژەکەی سەرۆک ئۆجەلان زیندوو بکەنەوە و چەکەکەنیان بەبێ مەرج فڕێدەن و دەست بکەن بە خەباتی سیاسی و فەرهەنگی کە بێ گومان لە ماوەی چەند ساڵێک دەتوانن بە زۆر ئامانج بگەن. سەرەتا گەورەترین کۆنفرانس لە ئەوڕوپا بکەن و داوا و ئامانجی خۆیان بە ڕوونی و ئاشکرایی ڕابگێنن کەوا نایانەوێ وڵاتی کوردی دروست بکەن (لەبەر ئەوەی دەبێ بزانین کەوا مەسەلەی گۆڕانی سنورەکانی سایکس بیکۆ لەلایەن ئەوڕوپاوە ڕەت کرایەوە، تازە تا سەدساڵی تر وڵاتی کوردستان نابێ باسی لێوەبکرێ) و بە پێی ویستی خۆیان دەکرێ داوای فیدڕالی بکەن. بەمەش کە چەکیان دانا و ئامانجی خۆیان دیاری کرد، لە لیستی تیرۆریزم دەردەچن کە شتێکی گرنگە، ئەگەر چی لە ڕۆژێکە دەتوانن بە دەیان زیاد و کەم بکەن. لەبەر ئەوەی پەکەکە گەورەترین ڕێکخستنی کوردی لە ئەوڕوپا هەیە دەتوانێ هەزاران چالاکی جۆراوجۆر بکات کە کەس نەتوانێ ڕەخنەی لێ بگرێ. وە کە بە ڕێکخراوێکی ئاشتی خواز ناسراو ڕێگەی دیالۆگی سیاسی گرتەبەر دەتوانێ لە کوردستانی باشور گەورەترین سوود وەرگرێ و چەندین مەڵبەند بکاتەوە و چالاکی خۆی تیا ئەنجام بدات و پشتگیری لایەنەکانی تری عێراقیش بەدەست بێنێ. تورکیاش ناچار دەبێ بەهەمان شێواز وەڵامی پەکەکە بداتەوە و سوپاش لە ناوچە کوردیەکان هیچ نرخێکیان نەمێنێتەوە و تەنیا خانەنشینی نەبێ.

27/12/2007